# ئەو ناوانەی کە هەرگیز لە ناوەڕۆکەکانیان ناچن

## (دیموکراتی)

**سیروان ئەمین**
Nov 11, 2004
sirwanlatif@yahoo.co.uk

**دیموکراتی کە بە مانای دەسەلاتی خەلك دێت دەستەواژەیەکە ڕۆژی هەزاران جار لە میدیاکانی ڕاگەیاندنەوە پێمانی دەفرۆشنەوە وەك ئەوەی کورد وەتەنی دونیا ماستی مەیو بێ خەبەرێك لە شەرِبرسێتی بەبێت کەچی لە سایەی ئەم جیهانەدا کە لە ژێر چەتری دیموکراتی دا گوزەران دەکا لە 36 شوێنی جیا جیا دا شەڕو کێشەێ چەکداری هەیەو شەوانە شاشەی تەلەفیزونوکان بکەیتەوە لەبەر کوشتن و بڕین ناتوانی شەو ئارام بخەوی ،،هەلبەتە باسەکە تەنها دیکتاتۆرە بچوك و گەورەکانی لای خۆمان نی یە کە باسی فەساد و گەندەلیەکانیان بکەیت و جارێك ئازادانە و بە دژی بەرژەوەندیەکانیان قسە بکەی بەسە بۆئەوەی کە بێ سەرو شۆێنت بکەن دەیان تۆمەتیش بدەنە پالت..**

**سەرۆکی ئەم ولاتانە بە جمهوری ومەلیکی یەوە هەر بە گەنجی کوڕ و کوڕەزاکانیان ئامادەو ساز دەکەن بۆ پاش مردنیان تا وەجاغی باوکیان کوێر نەبێت ، وەك ئەوەی دەسەلات بە ناو ئەمانەوە تاپۆ کرابێ**

**باسەکە خودی ڕەواج پێدەرانی دیموکراتیە کە وا بۆ پەنجا سال دەچێ بونەتە قوتابخانەی پێگەیاندنی سیخوڕ و ڕاوکردنی مخالیفنی خۆیان بەهەر قیمەتێك بو بێت وە ئەگەر کەسێکیش باس لە ئەو هەلبژاردنەی جۆری ئەمریکا دەکات ئەوە لەوەتی دەنگدان هەیە لەو ولاتە ئەو خەلکی ئەمریکا لە جمهوریخوازەکان و دیمکراتەکان بەو لاوە ناتوانن کەس هەلبژێرن چونکە تەنها کەسانێك دەتوانن خۆیان هەلبژێرن کە لە ملیۆنێرەکانی تیکساس بن و لە قەتل وعامەکانی ڤێتنامیش دا بەشدارییان کردبێ ئیتر ئەمە سەرەکی ترین مەرجەکانی خۆکاندید کردنە لە لانکەی دیموکراتیدا بۆ زانینش تەنها خەرجی هەلبژاردنەکانی ئەمسال نزیکەی 250 ملیۆن دۆلار بوو ئیتر ئەمە کوێ ی باشە کەهەمیشە نوێنەرەکانیان نانی پێوە دەخۆن و خۆلە دەکەنە چاوی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش ..**